

# مەرگی پەپوولەیەک بەر لە پایز

## چەپکێک گوڵی شیعر بۆ ڕۆحی پاکی کاکە بارزان

CamScanner

# مەرگی پەپولەیەک بەر لەپایز

## چەپکێک گوڵی شیعر بۆڕۆحی پاکی کاکە بارزان

نوسینی: سەمیربێچارە

٢٠٢٢

CamScanner

ناوی نامیلکە/ مەرگی پەپولەیەک بەر لەپایز
نوسەر/ سەمیربێچارە
دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک : امانج اسماعیل عبدي
بابەت/ شیعر
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپادرن(٦٧٣) ساڵی ٢٠٢٢
چاپ/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
تیراژ/ ٢٠٠٠

ئەم بەرهەمە پێشکەشە:

بەڕۆحی پاکی بارزانی پەپولە ئاسا

بە گوندە بێنازەکەی گوندی خدر جیجە

بەتەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری

## نوسەرو ڕۆژنامەنوس لەچەند دێرێکدا:

من نوسەرو ڕۆژنامە نوسم لە ساڵی ١٩٩٣تا ئێستا بە بەردەوامی لە کۆمەڵێک بواری جیاجیا خزمەت دەکەم ٢٤کتێبی هەمە جۆرم چاپ کردوە لەگەڵ ٢پرۆشۆری ژینگەیی وپۆستەرێکی پەروەردەیی بە سەدان نوسینە کانم لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاوکردۆتە وە بە دەیان کارو پرۆژەم ئەنجام داوە لێرە و لە وێ هەمووکات خاوەن بیرۆکە و داهێنان و پرۆژەی جیاوازم من سەرۆکی ڕێکخراوی ڕووبارم بۆخزمەتی مرۆڤایەتی لە سنوری پیرزین من یەکەم نوسەری کوردم لەبواری ئەدەب داهێنانم کرد بە نوسینی شیعرێکی ١١مەتری بەشداری کتێبی گینسی جیهانیم کرد یەکەم کەسم لە کوردستان پێشەنگای شێوە جیاوازەکانی بەردم کردووەوە یەکەم نوسەرم لەبواری هاتوچۆ و ژینگە و چەندین بواری تر داهێنانم کردوە کتێبی وەفایەک بۆهەولێر کە زیاتر لە ٤ساڵە سەرقاڵی وشەونخونی بۆدەکەم زیاترلە ١٠٠٠کەسایەتی وسەدان شوێنەواری دێرین وچەندین بابەتی کەلتوری ومێژوویی لەخۆگرتوە ٣٢٠لاپەڕەیە ئەمانەو چەندین پرۆژەو چالاکی تر.

# مەرگی پەپولەیەک بەر لەپایز

کاتێ شنەی شەماڵ دێ گوڵ دەپشکوێ
خۆر دەردەکەوێ ڕۆژێکی نوێ دەدرەوشێ
خەونی نوێ لەدایک دەبێ و ئیتر چاوەڕێی دەرفەتە
ژیان لەکەرنەڤالێ ڕەنگەکاندا بەرەنگاری هێزی خەفەتە
کاتێ کازیوە دێ جوانی بە بەیانی دەبەخشێ
دەشێ ئەمە دەسپێکی گۆڕانکاری وژیانێکی باشتربێ
بەڵام بە پێچەوانە کاتێ ڕەشەبای وێڵ هەڵدەکا لەبەرزایی
کاتێ شەمشەمەکوێرەکانی ئەشکەوتی نەفامی وتاریکایی
ڕق بەجوانیەکان ڕق بەرۆشنایی دەهاوێژن تیری ژەهراوی
ژیان بەرگی ماتەم دەپۆشی و ڕوودەکاتە کەناری خەماوی
کاتێ گوڵەکان لەسێدارە دەدەن بولبول بەئاوازی غەمباری
پەپولە دەکەوێتە بۆسەی مەرگ ویژدان نامینێ بەیەکجاری
ئەوانەی گورگن بەڵام نۆرەیان گرتوە بۆکڕینی بەرگی مەڕ
ئەوانەی لەمرۆڤایەتی داشۆراون ڕێگای ژیاندۆستی ناگرنە بەر
ژیان لێرە جوانە بە هەموو پێوەرو ماناوە
درندەکان نایانەوێ دەرکەوێ بە جوانی و گەشاوە
شیوەنی گوڵەکان بۆ مەرگی پەپولەکانە نەک بۆبەهار
پایز بە مانای وشە هەڵگری پەیامێکە پریەتی لە ئازار



CamScanner

کاتێ خۆرماڵئاوایی کرد شەو بەرگی ڕەشی کردە دیاری
کاتێ مۆمەکان داگیرسان بۆ خوێندن و زانست و زانیاری
هۆ پاڵەوانە بچکۆلەکەی خدر جیجەی لادێ
قەلەڕەشەکان ئیرەییان بە فڕینی پەپولەش دێ
نیشتمان زامدارە و لەئێوارەیەکی ڕەنگ پەڕیو دەچێ
شەقامەکان بۆنی خوێنی لێ دێ هەوری ماتەم دایگرتووە
چ ڕۆژگارێکی شومە بولبول لە سۆز و ئاوازی یاخی بووە
لەسەر گڵکۆی پیرۆزت چی بنوسم بەفرمێسک وخوێن
وشەکان لەخاچ دراون شاعیرەکان بەچ زمانێک بدوێن
نیگار کێشەکان کام ڕەنگ کام تێڕوانین کام فڵچە
بیکەن بەگوزارشتی تراژیدیای ئەم سەفەرو کۆچە
هێشتان تەمەنت چرۆ بوو لەسەرەتای ژیانی بەهاری
لەشەوێکی شومی خوێناوی چویە سەنگەری بەرەنگاری
پەپولەی ڕۆحی سپیت هەڵفڕی بۆ ئاسمانێکی دور
خدر جیجە برینداروو لەبالآی دەچۆڕێ خوێنی سور
سەرگەڕان بێنازە چیرۆکی تراژیدیا دەگێڕیتەوە بۆمەخمور
دایکی دووەم ناخ وجەرگی سوتاوە نیەتی ئارامی و سێبور
نیشتیمان لە درەختێکی ماندوو دەچێ تۆزو خۆڵی لێ دەتکێ
دەریا بێ شەپۆل چۆلەکە غەمگین بولبول دەنگی ئاوازی نایێ
پەیامێکی خەمناکە ڕەشەبایەکی سامناکە پەنجەرە دادەخات

ڕەنگی تابلۆی ژیان سورە و ئێواران سەمای مەرگ دەکات
لورەی گورگان خەو لەچاوی بێچوە مەلەکان دەزڕێنێ
وەرزێکی ڕەنگ مردوە بەهیچ ڕەنگێکی ئاسایی خۆی نانوێنێ
قەلەڕەشەکان لانەی کۆترەکان تێک دەدەن و دەیکەنە کەلاوە
شەمشەمە کوێرەکانیش بەدەم دروشمی بریقەدار و ڕازاوە
دارستانەکان پڕدەکەن لەتاریکی وتارمایی و شەوەزەنگ
بەدەم تەم و زریانەوە ناهێڵن دەرکەوێ پڕشنگی گەزەنگ
پەرەسێلەکە لە ئامێزی بێنازیدا نزادەکا سەهۆڵبەندان تێپەڕێ
باخەوانەکانیش بەدڵ ئومێدەوارن ئەم پایزە گەڵا هەڵنەوەرێ
تۆ بوی بەسیمبولی کۆڵنەدان و قارەمانیەتی و خۆڕاگری
بەو تەمەنە بچوکەوە لەپێناو پاراستنی خاک هەنگاوبەری
بارزانی جوانەمەرگ بە خوێن سوور بوو پۆشاکی
پایز هات ئیتر گوڵەکان وەرین بە خەمناکی
خەونەکانی خرانە ژێر گڵا و نەهاتەدی
لە گەڵا دەنگی زریان دەستی پێکرد وەرزی نامورادی
ژیان کاتێ زریانی زەمانە خەونەکان ڕاپێچ دەکات
کاتێ پەنجەرەی ئاسۆ بۆ هەتا هەتایە دادە خات
لەئاست مەرگی قوتابیەکی پۆلی چواری بنەڕەتی
دیبەگە چاو بەگریانەو بەقەت دەریایە ژان وخەفەتی
دڕندەکان بەتەوری مەرگ ڕۆحی نیشتمان هەنجن هەنجن

بەلایانەوە ئاساییە پەپولەکان لەناو خوێندا سەراو ژێر بن
ئای مەخمور هێشتان زامی کۆنت بێ هەتوان و سارێژە
ئەو نیشتمانە بەدرێژایی مێژوو ناخ بەئازارو فرمێسک ڕێژە
هاوڕێکانت غەمبارن سرودی ئەی ڕەقیب دەلێنەوە
لەگەڵ هەر یادگاریەکە لەناخەوە مۆم ئاسا ئەتوێنەوە
ئێستا پۆلەکەت ساردو سڕو خامۆشە دەنگی تۆ نابیستن
تیرورستان لەمرۆڤایەتی داشۆراون دور لە ویژدان و هەستن
قوتابخانەکەت بۆنی غەریبی لێ دێ پاش مەرگی تۆ
لەشوێن رحلەی دانیشتنت داپۆشراوە بەنێرگزو شەوبۆ
لەگەڵ مالئاوایی و بەخاک سپاردنی تۆ
نیشتمان لەناخەوە دەسوتێ وەک ژیلەمۆ
درەختەکان گەڵاکان فڕێ دەدەن بەرلەخەزان
وەرینی گوڵە گەنمەکان بەهۆی ستەمی ناحەزان
ژیان لەکەرنەڤالی مۆسیقادا ڕوودەکاتە کۆڕی گریان
لەگەڵ ئەم سەفەرەت هەراسانمان دەکا دەنگی زریان
خدر جیجە ئازارەکان دەنوسێتەوە بە فرمێسکی گەڵا
لەتۆوە فێربون مانای خۆڕاگری وەکو شاخ و قەڵا
چ مەرگەساتێکە دەردی سەختی لێک ترازان
زەمانە چەند بێ ڕەحمە لەئاست ژیان وخێزان
باڵای نیشتیمان خوێنی سووری لێدەچۆڕێ

دەرگای هیوا بە هۆی ڕەشەباوە دادەخرێ
کام شاعیر ڕۆچووە بەنێو قوڵایی ئەندێشە
ناتوانێ گوزارشت بکا لەو ئازار و ئێشە
ڕۆحت شادبێ پاڵەوانەکەی دژ بەغەدرو ستەم
بولبول مەیلی ئاوازی نەماوە لەتاو ئازار و خەم
خەمی کۆچت بوو بە خەمناکترین چیرۆک وداستان
ڕێگای وێرانکاری ئامانجی یەکەمە بۆ تیرۆرستان
تیرۆریزم بۆتە هۆی شێواندنی تابلۆی مرۆڤایەتی
تاکۆتایی ژیان خدر جیجە هەڵگری ئازارەکەیەتی
هەموو باڵندەکانیش لەئاست قێزەوەنترین کردار
کە داعش وهاوبیرەکانی دەیکەنە بەرنامەو بڕیار
لەمێژە مرۆڤایەتی هیلاک بوە بە دەستی تیرۆر
شەمشەمەکوێرەکان دەجەنگن دژ بە ڕوناکی خۆر
نیشتمان دەمێکە خوێن لەجەستەی دەچۆڕێ
ڕێگای سەرفرازی و ئازادی لەدڵمان ناگۆڕێ
تاکۆتایی ژیان دەبێ هەنگاو بەهەنگاو
پەڵە هەورەکان لابەرین بگەین بە هەتاو
کۆچی تۆ مەرگەساتێکی ناخ هەژێن و جەرگبڕە
نێشتیمان خدر جیجە چاو بەگریانە وەرە فرمێسکی بسڕە
خوشکە بچوکەکەت لەناخەوە شیوەنت بۆ دەکا هەمیشە

بارزانی بێ تاوان قوربانی دەستی ڕەش و گڵاوی داعشە
ئای چ کارەساتێکە لەماڵێکدا خامۆش بوو سێ چرا
لەشەوێکی تاریکدا خدر جیجە خەڵتانی خوێن کرا
تاجە گوڵینەلە زێڕ دەنەخشێنم دێنم بۆ سەر گۆڕت
لەتەمەنێکی تازە بەهاری ئاوا بوو تیشکی خۆرت
زریان خەتابارە لەوەرینی گوڵەکان بەپێی ئەم گوزارشتە
پەپولە ئاسا بەرلەهاتنی پایز ڕۆیشتی لەگەڵ ئەم گەشتە
یاسای سروشت هەردەم پایز تۆمەتبار دەکا لەهەڵوەرین
بۆ مەرگی تۆ چی بکەین بۆپێناسە بۆ چوارچێوەی دەربڕین
ژیان یاخی بوو بەرگی ڕەشی کردە بەری
لەگەڵ دەنگی ڕەشەبا مۆم کوژاوەو گوڵ هەڵوەری
خدر جیجە ماتەم دەگێڕێ چاو بەگریانن بەردو درەختی
سروشت نیگەرانە نازانێت چۆن تێپەڕێنێ قۆناغی سەختی
دار و بەرد تاساون شیون دەگێڕن کوچە و کۆڵان و شەقام
لەمەرگی لەناکاوی بەغەریبی وداماوی هاوار دەکەن بەردەوام
ڕۆژگارێکی ڕەش و شومە ژیان بویتە ئاڵۆزترین تابلۆ
پاڵەوانە بچۆلەکە نیشتیمان بریندارە لەتاو مەرگی تۆ
ئەمڕۆ وڵات تێکڕا خەریکی کۆڕی گریان و ماتەمە
شەهیدبونت خەمێکی نەبڕاوە و قوڵترین خەمە
ئاسمان سەراپا هەورە بێ خۆرو مانگ و ئەستێرە



CamScanner

نەفرەت لەناحەزان کە حەزیان لەوێرانکاری وهەڵدێره
هەزار سلاو لەرۆحی پاکت شەهیدی بچکۆله
ئێستا قوتابخانەو پۆلەکەت ساردو سڕو چۆڵه
مەرگی تۆ پەیامێکی ناخ هەژێن و کاریگەره
ڕێگای ژیان ڕێگایەکی هەورازو پڕ کەسەره
ویژدان مردووەکان بە هەستی ژەنگ گرتوو
دەبنە قێزەوەنترین زوحاک و درەندەی مێژوو
چیرۆکی کامە غەدر بۆبەیانی بگێرمەوە بەهێمنی
کاتێ ڕەشەبا دەبێ بەستمکار گەڵاکان هەڵدەوەرێنی
لەبێ ڕەحمی زەمانە نیشتمان هەر ڕەشە ڕەنگی پۆشاکی
ڕۆڵەگیان خدرجیجە گڕی گرتووە دەسوتێ بە خەمناکی
گۆرانیەکانی شارهەر بۆنی جەرگی سوتاوی لێ دێ
بۆنی هەناسەی ساردوسڕو فرمێسکی بێنازی لێ دێ
شەقامەکان نامۆن کوچە و کۆڵانەکان پرن لەتەنیایی
مالەکان لەئاسمان ئاراستەیان بۆ کیشوەری بێ ڕۆشنایی
ژیان لەکتێبێک دەچێ هەڵقولاوە لەوشەی ئازار
ڕۆڵەی قارەمان بارزانی بەهەڵوێست و وەفادار
ویستت هاوکاری براکانت بی لەم جەنگە نەگریسە
دوژمن بەرنامەی خراپەکاری و پیلانی گلاوو پیسە
مەلەکان ڕادەسپێرم بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە

خدر جیجە غەمبارەو لەدۆخێکی دژوارو بێ ئارامە
نیشتمان لەخەمی ڕۆڵەکەی سپی بوە سەراپا قژی
کاتێک بۆنی خوێن دێ دەبێتە نالەباری و گرژی
وڵاتەکەم لەوەتەی من مێژوو دەخوێنمەوە بەوردی
هەرباسی شەڕو خوێن ڕشتن و خیانەت ونامەردی
ئەمڕۆ مەخمور لەگەڵ قەرەچوغ شیوەن دەکەن تازیەبارن
دیبەگە ئازار دەچێژێ هەولێر لەگەڵ سلێمانی غەمبارن
دهۆک فرمێسکی کردوە بە ملوانکە بۆ شەهیدانی هەڵبجە
هەموو یان پێکەوە ماتەم دەگێرن بۆ گوندی جدر جیجە
کەرکوک بەگەورەو بچوک لەخەمی مەرگی بارزان
دیداری بەهار تەرک دەکەن ڕوودەکەنە گەڵارێزان
هاواری ویژدانە کە لەناخەوە سەرچاوەی گرتووە
مەخمور بەدەم ناڵەوە فرمێسکی ڕێچکەی بەستووە
نیشتمان لەدەریایەک دەچێ مات ومەلول و بێ شەپۆل
شەقامەکانی شار بێ دەنگی داپۆشیوەو غەریب وچۆڵ
ئەمڕۆ وڵات ڕێبوارێکە لەگەڵ کاروانی شەهیدان
گیتار ژەنەکان بۆڕۆحی نیشتمان لەکەرنەڤالی نۆتە
هاواردەکەن ئازادی با بپچڕێ هەرچی زنجیرو کۆتە
باڵندەکان سەمای ماتەم دەکەن لەسەر لقێکی دارچنار
لەگەڵ فرمێسکی هەورەکان خامۆش دەبێ هاژەی ڕووبار

خۆشەویستی نیشتیمان دەبێ لەقولایی دڵدا ڕەگی داکوتێ
هەستی خاک نابێ کاڵ بێتەوە دەبێ هەمیشە لەگەشە دابێ
پەنجەرەی هیوا داناخرێ ئەگەر ببینە بەربەستی ڕەشەبا
ئیتر ڕۆحی فیداکاری وبەرەنگاری بچەسپێ لە ناخی دڵدا
نیگارکێشەکان بەلایانەوە زۆر ئاڵۆزە نەخشاندنی ئەم ڕوداوە
سرودبێژەکان لەفەرهەنگ دەگەڕێن کام وشە بکەن بە هۆنراوە
هێندە دیمەنێکی سەخت وجەرگبڕە جیهان لەبەردەمیدا شۆکە
کام نوسەرلە ژیان بەئەزمونە دارشتنی کاریگەرترە لەو چیرۆکە
پەپولەیەک بەرلەهاتنی پایز مەرگی ناوەختی بەیان کرا
تاریکی بەخێرایی باڵی کێشا خامۆش بوو ڕوناکی چرا
گورگەکان لەئەشکەوتی تاریکی دادەرێژن خراپترین بیرۆکە
بەهۆی پیلانی ئەوانەوە جیهان شلەژاوە بێ ئۆقرەیە ئەمرۆکە
بە هیواوە مۆمەکان دادەگیرسێن بۆئەوەی شەوەزەنگ نەمێنێ
ژیان ببێتە چراخان و نیشتمان خەندەی ئومێد بەخش بنوێنێ
نیشمان لەکەرنەڤالی بەهاردا سەرچۆپی لەدەست گوڵی هیوایە
بۆیە هەنگاومان بەرەو ئاسۆیە تازە ناگەڕێینەوە کاروانی دوایە
پێنوس پێشەنگی ڕەوتی ژیانە بۆیە ڕۆشنایی بەدی دەکرێ
شەمشەمە کوێرەکان لەشکستدان بەرگەی هەنگاوی ترناگرێ
دەبێ لە ئەلف وبێوە فێربین مانای خۆشەویستی خاک
دەبێ خۆری ئازادی بدرەوشێ ڕامالێ درەندەو زوحاک

# موت فراشة قبل الخريف

## The death of a butterfly before autumn

I was the first writer to take a stand for this tragic incident. I published a work for martyr Barzan Ismail, a student of Khadr Jija village in Makhmur. The death of a butterfly before autumn



CamScanner

ژیان بریتییه له ئازارێکی نەبڕاوە
تۆ لەبیر ناکرێی تا دونیا ماوە
له گۆڕدا بنوو بە ئارامی
بیرت دەکەین بە بەردەوامی

**سمیر بێچارە**



CamScanner